# بەهای فۆلکلۆر لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا

**پ. د. محەمەد دلێر ئەمین محەمەد**

هەرێمی کوردستان/ سلێمانی

**پوختە:**

ڕۆژنامەنووسی کوردی تۆمارێکی گرنگ و پڕ بایەخە بۆ مێژوو و ئەدەبی کوردی بەهەموو لق و ژانرەکانییەوە فۆلکلۆر ، ئەدەبی میللی ، ئەدەبی نووسراو. لەدووتوێی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەنووسی و گۆڤارە دێرین و نوێیەکاندا بەشێکی دیار و بۆ ئەدەبی فۆلکلۆری تەرخانکراوە، ئەم هەوڵە پردی پەڕینەوەیی لە ئەدەبی زارەکییەوە بۆ تۆمارکردن و پاراستن و کەرەستەی بەپێز بۆ توێژینەوەی زانستی و گشتی . ئەم توێژینەوەیە دوو ئامانجی هەیە ، یەکەم بایەخی فۆلکلۆر وەك ئاوێنەی بێگەردی ژیاننامەی نەتەوەیەك کە جوگرافیا پەرتی کردووە و مێژوو و ئەدەب و زمانەکەی بەیەك ڕەنگی هێشتۆنەتەوە، بوونەتە پێناسەی نەتەوەیی و هۆکاری جیاکردنەوەی لەنەتەوەیەکانی تر. بەشێکی تیشك دەخاتە سەر چالاکی ئەو قەڵەمانەی لەڕۆژنامەنووسیدا، بە دڵسۆزی هەوڵیان داوە چەردەیەك لەو سامانە بژێننەوە و بەرچاوی بخەن  و نەوەی نوێ و ئەادیمی بەو گەنجینەیە ئاشنابکەن، دیارە بەپێی مەودای توێژینەوەکە زیاتر ڕۆژنامە و گۆڤار تەمەن درێژەکان بەسەربکاتەوە و ڕووناکی بخاتە سەر.

**پەیڤێن سەرەکی:** *بەهای فۆلکلۆری، ڕۆژنامەنوسی کوردی، پەند، چیرۆك.*

**پێشەکی:**

فۆلکلۆر ئەو گەنجینە دەوڵەمەندەیە کە کەڵەکەبووی ئەزموونی پێشینانە و دەنگ و هاواری کپکراوی چین و توێژەکانی خوارەوەیە، لەناو میللەتاندا بایەخی زۆری پێدراوە لە سەدەکانی ڕابردووەوە هەوڵی کۆکردنەوە و شیکاری ئەو بەرهەمە زارەکیانە دراوە کە ئاوێنەی قۆناغ و سەردەمی خۆیانن، لەناو هەر بەیت و پەند و شیعر و ئاوازێکدا نهێنییەکی شاراوە هەیە، لەبەر سانسۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی بەناوی دەستە و گروپەوە وتراون و مۆرکی تاکە کەسیان پێوە نییە، کورد وەك میللەتێکی ژێردەست و چەوساوە، خاوەنی فۆلکلۆر و کەلەپورێکی دەوڵەمەندە و مەخابن بەشێکی زۆری نەنوسراوەتەوە و بەخاوی ماوەتەوە، هەرچەندە لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە چەندین



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هەولی تاکەکەسی هەیە بۆ بایەخدان و کۆکردنەوەی ئەوسامانە نەتەوەییە، بەڵام ئەم کارە پێویستی بەدامودەزگا و گرووپی شارەزا و دڵسۆز هەیە کە کێوماڵی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بکات و لەزاری کەسانی بەتەمەن و پیرێژنەوە تۆماری بکەن و بەشێوەزاری ناوچەکە بینووسنەوە و دواتر چاپی بکەن، تاکو نەوەی ئێستا و ئایندە شارەزای بن و دەیان ئیدیۆم و وشەی کوردی ڕەسەن بدۆزنەوە و فەرهەنگی زمانی کوردی پێ دەوڵەمەند بکەن جارێکی تر بەرگێکی نوێ و قەشەنگ بە بەرزمانی کوردیدا بکەن، ئەو زمانە ماڵی هەمووانە و ناسنامەی نەتەوەیی و شیرازەی پتەوبوونی گیانی برایەتی و تەباییە .

ڕۆژنامەنووسی کوردی کە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم (کوردستان) (١٨٩٨/٤/٢٢) و ساڵانی دواتری سەدەی بیستەم . ئەگەرچی بەبەراورد بە میللەتانی دراوسێی درەنگ سەری هەڵداوە و وەك چارەنووسی نەتەوەکەی لە ئاوارەییدا چاپ و بڵاوبۆتەوە، بەڵام پردی پەڕینەوە لەتاریکییەوە بۆ ڕووناکی هەر لەو لاپەڕانەوە ژانەر شیعر گواسترایەوە بۆ نووسراوو پەخشانی هونەری بەهەموو جۆرەکانییەوە گەشەی کرد و سەلماندی کە زنانی کوردی جگە لە شیعر توانای نووسینی پەخشانی هونەری هەیە و زمانێکی زیندووی هەموو سەردەمەکانە، لەپاڵ بایەخدان بە شیعری کلاسیك و ڕۆمانتیك و جۆرەکانی گوتار و کورتەچیرۆك نووسەر و خاوەن گۆڤار و ڕۆژنامەکان درکیان بە کەرەستەی پێشتر داوە وەك بەشێکی گرنگی ئەدەبیات ناس سەیری فۆلکلۆری کردووە و بڵاویان کردۆتەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستیانەیە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو وتار و بەرهەمە دێرینانە کە لە ناو لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامەوردییەکاندا بڵاوکراونەتەوە و سەرەنجی خوێنەری کوردییان بۆ بایەخی ئەو گەنجینە دەستلێنەداوە ڕاکێشاوە .

ئەم توێژینەوەیە لە دووبەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم خستنەڕووی گرنگی و بایەخی فۆلکلۆر و کاریگەری لەسەر گەشەی ئەدەب نووسراو و زمان و هەروەها ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسیی کوردی وەك دیکۆمێنت و بەڵگەی بەرز ڕاگرتنی ئەو سامانە نەتەوەییە و هێنانەوەی چەند نموونەیەکی لەماو لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا بەتایبەتی ئەو بڵاوکراوانەی لەڕۆژانی سەخت و دژواری خەباتی نەتەوەییدا بە هزر و قەڵەم خەباتیان ئەکرد و هەوڵی پاراستن و ناساندنی زمان و کەلەپوری سەردەم یان ئەدا و بەرگری یان لە شاڵاوی دڕندانەی دوژمن دەکرد، کە جگە لەئامانجی داگیرکردنی خاك و نیشتیمانی کورد بووە، هەوڵی نەزۆکینەی داوە هەژموونی کلتوری خۆی بەسەر کوردا بسەپێنێت و دابڕان لەنێوان سەردەم و ڕابردووی نەتەوەی ژێر دەستدا، دروست بکات .

مەودای ئەم توێژینەوەیە سنوردارە، توێژەر ناچارە چەند ڕۆژنامەو گۆڤارێکی دیاریکراو هەڵبژێرێت و نموونەی لێ هەڵهێنجێنێت، هەورەها زەمەنی کاتی ڕۆژگارەکە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بخەینە نێو یەکەمی سەدەی بیستەمەوە (١٩٢٠-١٩٥٠ز)، دیارە ساڵانی دواتری ئەو مێژووە ژمارەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان ڕوو لە هەڵکشان بوون بەتایبەت دوای ڕاپەڕین لە باشوری کوردستاندا، ئەوەش بەهۆی زۆربوونی چاپەمەنی و نەمانی سانسۆر و تاڕادەیەك ئازادی بیروڕا، هەر بەوهۆیەوە گۆڤاری تایبەت بەفۆلکلۆر و کەلەپوور دەرچوون و چەندین بەرنامەی تایبەت لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندندا بەمەبەستی زیندووکردنەوە و ناساندنی فۆلکلۆر پەخشکراون، بەتایبەت گۆرانی فۆلکلۆری، دەبێت ئاماژە بەڕۆڵی بەشە کوردییەکانی زانکۆکانی کوردستان بدەین کە وانەی فۆلکلۆر لەپرۆگرامی خوێندنی ساڵانەیاندا جێگیرکراون.

وێڕای چەندین کتێب و نامەی ئەکادیمی کە شیکاریان بۆ کەرەستەکانی ئەم سامانە نەتەوەییەکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینەی ئەو گەنجینەیە بەزارەکی ماونەتەوە و لەهزری خەڵکە بەتەمەن و ئەزموونداره‌کاندایە، پێویستە پەلە بکرێت لە تۆمارکردن و بڵاوکردنەوەیان، هەروەها تیمی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە پێك بهێنرێت تا کێوماڵی ناوچەجیاجیاکانی کوردستان بکەن و لەڕێگای تەکنەلۆژیای سەردەمەوە بەجیهانی بناسێنن.

**بەشی یەکەم:**

**بایەخی فۆلکلۆر:**

لەناو زانستە مرۆڤایەتییەکاندا، ئەدەبیاتناسی شوێن و پێگەیەکی گرنگی هەیە، بەتایبەتی لەم سەردەم و ڕۆژگارەدا، لەڕۆژئاوادا، دوای ئەوەی لەسەدەی پازدەهەمدا ئامێری چاپ داهێنرا و لێشاوی چاپەمەنی هەموو شارو شارۆچکەیەی گرتەوە، هەوڵی بایەخدانی بەزمانی نەتەوەیی، بووە خولیایی نووسەر و بیرمەندە نەتەوەییەکان، پێویست بوو بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەی زمانی پاکژو دایەلۆگی نەوەکانی پێشوو، ئەوانەی ئەزموون و دیمەنی ژیانیان بەسادە و ساکاری مابۆوە و ڕووناکی چاپخانە بەریانەکەوتبوو، ئەو ململانێیەی چاپەمەنی دروستکرد لە نێوان میللەتانی ڕۆژئاوادا، بوە هۆی سەرهەڵدانی لەو سامانە نەتەوەییە، لەناو ریبازە ئەدەبیەکاندا ڕێبازی ڕۆمانتیکی وەك ڕێبازێکی ئەدەبی و هونەری کە لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا سەریهەڵداوەتا کۆچی دوای فەیلەسوفی ئەڵمانی (هیگڵ) بەردەوام بوو . (پ.د.حەمید عەزیز، ٢٠٢٠:١١).

فەلسەفەی ڕۆمانتیك وەك ناوەڕۆکی ئەم ڕێبازە داهێنەر و سەرئامادەی بایەخدان بوو بە فۆلکلۆر، ڕابەری ئەم ڕێبازە ئەگەرچی لەڕووی شێوازو ئاراستەی ژیان و کرۆکی بەرهەمەوە جیاوازبون، بەڵام بەگشتی پێداگیریان دەکرد لەسەر هەستی نەتەوەیی، بایەخدان بەئەدەبی میللی و کەلەپووری نەتەوەیی و دابونەریتی ئاسایی کە ئەم کەرەستانە دەبنە هۆکاری هۆشیاری نەتەوەی . (پ.د.حەمید عەزیز، ٢٠٢٠:١٩).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لەو سەرەتاوە بەربڵاوە، بایەخدراو بەو بەرهەمە خوڵقێنەرانەی کە دەماودەم و پشتاوپشت زارەکی دەگێڕێتەوە و بەرهەمی تاکەکەسی دانانرت مۆرکی دەستەجەمعی پێوەیە، فۆلکلۆر چ لەڕووی سادەی و چ لەڕووی زمان و دەربڕینەوە، شەقڵی تایبەتی ئەو گەلە یان ئەو زەمان و دەرورەی خۆی پێوەیە، بەتایبەتی لەو وێنە و بیردا . (عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ،١٩٧٩:٨).

لای کورد هەرچەندە چەندین هەوڵی دڵسۆزانە هەیە بۆ کۆکردنەوە و شیکاری ئەم سامانە، بەڵام لەئاست ئەو گەنجینە پڕ بەهایەدا، کەمە و مافی تەواوی خۆی پێنەدراوە، دیارە هەوڵی تاهەکەسی یان چەند نامەی ئەکادیمی ناتوانن هەموو کونج و پانتایە جوگرافیەکانی کوردستان بەسەر بکەنەوە و کێومالی بکەن، ئەم ئەرکە نیشتیمانییە پێویستی بە کارێکی دەستەو گروپ هەیە و دامەزراوە ئەدەبی و زانستییەکان بە پاڵپشت و هاندانی دەسەڵاتی سیاسی و بکەونە خۆ و لەناوچوونو لەبیرچوونەوە ڕزگاری بکەن. جگە لە نەتەوە سەردەست و دەسەڵاتدارەکان، هەمیشە ژێر دەستە و پەراوێزخراوەکان، هەڕەشەی تواندنەوە و ڕاگوێزان و سڕینەوەی زمان و کەلەپوور و شوێنەوارە دێرینەکانیان لەسەربووە، نووسەرێك ڕای وایە کە ئەو گەنجینە شاراوەیە بۆتە هۆکاری پاراستنی زمانی کوردی، لەبەرئەوەی دوژمن دەستی نەگەیشتوێتی و پەی پێ نەبردوە، تا سانسۆر بخاتەسەر وەك چاپەمەنی و داهێنەرانی سزاو ئەشکەنجە بدات. (ڕامیار مەحمود ،٢٠٢٢/٢/٧).

زمان ناسنامەی نەتەوەییە، زمانی کوردی فاکتەری سەرەکی مانەوەی کورد بووە، کە لە هەموو قۆناغەکانی ژیان و دەورانی ڕۆژگاردا پاراستوویەتی، هەزری خۆی تێدا کۆکردووەتەوە و نەوەکانی پێ گۆشکردوە، زمان لە فۆلکلۆردا ڕەگەزێکی بنەڕەتیە، جیهانی و پوختی و ساکاری زمانیش، ڕووخساری دیاری ئەم زمانەیە، زۆرجار لەپاڵ جوانی ناوەڕۆکدا پەندێك وەك پەیکەرێکی جوان دێتە بەرچاو (د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ١٩٧٩:١١٥).

ململانێی سیاسی، پانۆرامای کێشەکۆمەڵایەتییەکان، هەوڵی یەکخستنی تەبایی، گیانی هاوکاری و کاری هەرەوەزی لەناو بەشەجیاجیاکانی فۆلکلۆردا دەردەکەون کە مەبەست و ئامانج لەو پەیامە، ئامۆژگاری و سوود وەرگرتنە لەئەزموونی پێشینان . بەهایەکی تری فۆلکلۆر کە زیاتر درەوشاوەتری دەکات و دەیپارێزێت ئەو خاڵەیە کە دەکەوێتە ناو پرۆسەی ڕاگەیاندنەوە، پسپۆڕانی ڕاگەیاندن لە زووەوە، پەیامی ڕاگەیاندنیان بەسەر چوار جۆردا دابەشکردووە بە تایبەت قوتابخانەی (میونیخ) ی ئەڵمانی . ڕاگەیاندنی هەر نەتەوەیەك بەپێی ئاستی هۆشیاری و درك پێکردنی دەکەوێتە ناو چوارچێوەی یەکێك

یان زیاتر لەم جۆرانە کە بریتیین لە: ڕاگەیاندنی خۆڕسکی و ڕاگەیاندنی ڕۆژانە و ڕاگەیاندنی سۆزدار و ڕاەیاندنی هزری (هۆشیار) (د.عبدالطیف حمزه، ٣١).

فۆلکلۆر لەناو ئەم دابەشکردنەدا دەکەوێتە بازنەی خۆڕسکی وسۆزدارەوە ڕاگەیاندنی خۆڕسکی ئەو زانیاریانەیە کە تاك لەناو خێزان و و کۆمەڵ و نەتەوەدا لەدایك بوونەوە وەریدەگرێت و دەبێتە ناسنامەی ئایندەی وەك ئەوەی سەر بە چ نەتەوە و زمان و دابونەریتێکە، ئەم زانیارییانە بۆ بۆماوەن و نەوە بە نەوە پشت دوای پشت دەگوێزرێتەوە، بەشێك لە کەسایەتی تاك دروست دەکەن، فۆلکلۆر پشکی شێری هەیە لەم ڕاگەیاندنەدا، مرۆڤی کورد کە دێتە دنیاوە تا مێردمنداڵی گەشەدەکات، هەنگاو بەهەنگاو بەم زانیاریە ئامادەیە، ئاشنا دەبێت، وەك ئەوەی باوك و دایك و خزم و خێڵ و نەتەوە و زمانەکەی دەزانێ و پرسیاریان لەبارەوە دەکات و وەڵام بەدەست دەهێنێت . ئەم بەگوێدانە دەبێت زیاتر پەیوەست بوونی تاك بەکۆمەڵ و نەتەوە و خاکەوە، بەشێك لە چیرۆکی فۆلکلۆر و داستان و شیعر، ئەم شێوەیە لەخۆدەگرن، هەر لەبەر ئەوە گرنگی پێ دراوە پیویستی بە زیندوو کردنەوە هەیە.

ڕاگەیاندنی سۆزداری، ڕەگی لەناو ڕاگەیاندنی خۆڕسکی دا داکوتاوە مەیلی تاك زیاتر بەرەو سۆز دەبات و هەستی بوون و پێداگیری لەسەر مانەوە زیاد دەکات.

ڕاگەیاندنی ڕۆژانە، زیاتر پەیوەستە بەکاری ڕۆژنامەنووسیوە، ڕۆژنامەنووسی دەتوانێ کە ئەم جۆرە بە دووبارەبوونەوە و دیاریکردنی جۆرەکانی فۆلکلۆر بخاتە بەرچاو، لەڕێگای قەڵەمی نووسەرانەوە، چێژی زیاتر بەکەرەستەکانی فۆلکلۆر بدات.

دیارە ئەم شێوازە لە قۆناغی فێربوونی خوێندن و خوێندەوار بەر دەست دەبێت، هەر بەوهۆیەوە کە ڕۆژنامەنووسی بە قوتابخانەیەکی گەڕۆك ناوبراوە و چاپەمەنی بە خاڵی وەرچەرخان ئەژماردەکرێت کە زمانی نەتەوەیی دەچەسپێنێت و گەشەی پیدەدات، سود لەو هەزاران وشە و ئیدیۆمە وەردەگرێت کە لە ناو گەنجینەی پێشیندا ماون و پارێزراون.

ڕاگەیاندنی هزری (عەقڵی) دوا پلەی گەشەی زانیاری دروستە کە تاك لەڕێگای هۆشیاری و بەراورداری و جیهانی بینییەوە پێ دەگات، کە مەخابن ئەم حاڵەتە لەناو ئێمەدا وەك پێویست گەشەی نەکردووە و زیاتر پروپاگەندە و خۆ بەکەمزانین کاریگەری هەیە.
نابێت لەو دیاردەیە ڕۆڵی شەڕانگێزانەی دوژمنان لەبەرچاونەگرین کە لە پاڵ هێرشی سەربازیدا ڕاگەیاندنی دژ (الاعلام المضاد) یان کردووەتە کەرەستەی سەرەکی بۆ گەمارۆی عەقڵی تاکی کورد و بەپێشکەوتووترین کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، دژ بەو شێوازەکانی ڕاگەیاندنی کورد بوونەتەوە و هەموو جۆرە سانسۆر و قەدەغەی دەرچوون و گرتن و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ڕاوەدوونانی نووسەر و ڕۆژنامەنووسان بەکارهێناوە و دەیان نموونە لەناو مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا بەرچاو دەکەون.

بایەخدان بە فۆلکلۆر لای نووسەرانی کورد زیاتر مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی پێشوو لەناو پەڕەی ڕۆژنامەکاندا سەرەتا و دواتر وەك کتێب و نووسینی سەربەخۆ، هۆکاری ئەمەش ئاشکرایە دەگەڕێتەوە بۆ پرۆسەی نووسین کە لە ئاستی نەتەوەکانی تر کورد درەنگتر پێ رأگەیشتووە، بۆ نموونە یەکەم کتێبی کوردی کە خاوەنەکەی کورد بێت و بەزمانی کوردی چاپکرابێت (ئەنجوومەنی ئەدیبان) ی (ئەمین فەیضی) یە کە ساڵی (١٩٢٠) دا چاپ و بڵاوکراوەتەوە، ڕاستە پێش ئەم مێژووە چەند کتێب هەن لەسەر کورد نووسراون بەڵام یان بەزمانی بێگانە بوون وەك (شەرەفنامە) یان نووسەرەکەی کورد نییە .
لەم سەرەتایەوە بایەخ بەئەدەب و ژانرە و جۆرەکانی دراوە.

کۆکردنەوەی فۆلکلۆر و کەرەستەکانی لەسەرەتاوە (هەوڵی جوامێرانەی تاکە کەسین، زۆرتریش تاکە کەسی ئەوتۆ کە هەلی وایان بۆ هەڵنەکەوتووە کە لەلێکۆڵینەوەی ئەدەبی و زمانەوانی، بە شێوەی زانستی تازە، شارەزای پەیڕەوی گەلانی تر، بەتایبەتی گەلانی ڕۆژئاوا.

ئەو هەوڵە تاکە کەسیانە، بەکەرەستەی خاوی، نرخ و بایەخی خۆیان هەیە و مایەی سەرفرازی خاوەنەکانیانن، بەڵام وردە وردە خوێندەواری کوردیش توانا و هەلی ئەوەیان بۆ هەڵکەوتووە کە ئەم لێکۆڵینەوانە لەو سنوورە بێننەدەرێ و ئاسۆیەکی زانستی تازەی فراوانی بۆ دروست بکەن. (د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ،١٩٧٩:٣).

ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر جیهاندا هاتن بەتایبەت لەکۆتایی سەدەی پێشووەوە بە دیاردەی جیهانگیری و گەشەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و شۆڕشی زانیاری ناودەبرێت، زۆر ئاکار و دیمەنی نوێی لەهەموو چەمکەکانی ژیان و کلتوردا، هێنایە ئاراوە، کە لەم ناوەندەدا کەلەپوور و بەگشتی فۆلکلۆر بەتایبەتی، بەرکەوتەی ئەم گۆڕانکارییانە بوون.
((بەجیهانیبوون بریتییە لە پرۆسەی پەستێوترانی بەرزە ڕووی زەمەن و فەزا کەلە ریگای ئەوەوە خەڵکی دنیا کەم تا زۆر بەشێوەیەکی وشیارانە ئاوێتەی کۆمەڵگەی جیهانی تاقانە دەبن )). (ئەحمەد گوڵمحەمەد ،٢٠٠٧:١٢).

ئەم وەرچەرخانە جیهانی خستەبەردەم قۆناغ و سەردەمێکی نوێ، لێشاوی زانیاری و بە ئاسان دەستەبەرکردنی بەدوو ئاراستەدا کار دەکەن، ئاراستەی جیهانی پێشکەوتوو کە داهێنەری ئامێرەکانی تەکنەلۆژیا نوێن بەردەوام گەشەی پێ دەدەن، هەوڵی زاڵ بوونی کلتور و ڕۆشنبیری خۆیانن بەسەر نەتەوەکانی تردا، بەجۆرێك ببنە رابەر پێشەنگی جیهان، کە ئەمە تاڕادەیەك شوینی خۆی گرتووە، دیاردەی مۆدێل و لاسایی کردنەوەی ڕووکەش،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کۆمـەڵگای پـەراوێزخراو کەنارگرتۆتـەوە، کـە ئەمـە دیـوی نـەرێنی بـەجیهانیبوون و مەترسیدار، لەلایـەکی ترەوە تەکنەلۆژیای نوێ، هـەلی خۆناسدنی بۆ میللەتە بێ دەوڵـەت و فرامۆشـکراوەکان ڕەخسـاندووەکە خۆیـان لـەناو ئـەم فەزایـەدا نمـایش بکـەن و بـەجۆرێك لـەجۆرەکان شوناس و کلتورو فەرهـەنگی خۆیـان بخـەنە بـەرچاو ،((ئێمـە لەکۆمەڵگـەیـەدا دەژیـن کـە مـەعریفـە بەهـەردوو شـێوەی (دەق چـاپکراو و ئـەلیکترۆنی و زارەکی،لـەڕێی میدیاکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندی جەماوەرییەوە زۆر بـەربڵاوە و کاریگـەری گـەورەی لەسـەر ژیانی ڕۆژانە و ڕێکخستنی دەزگا و بیروبۆچوون و دیدمان بۆ جیهان هەیە، ئـەوەتا لەهـەموو دەزگایـەکی نوێـو هاوچەرخـدا دەزگایـەکی میـدیا دەبینـین، کـە بیروبۆچـوون و بـەها و کلتوری تایبەت بەدەزگاکە بڵاودەکاتەوە، کەواتە کاری شارەزایان پسپۆڕانی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییـەکان بـۆ ئاراسـتە و بیروبۆچوونـە کلتـوری و بـەهاکان لەودامەزراوانـەن مامەڵەکەرانە بەو بیروبۆچوون و بەهایانە و هاوکات بۆ چەسپاندنی کلتوری دامـەزراوەیی و پێوەرەکانیشـی چەنـد بایەخـدارە (پ.د.سـەمیر ئیبـراهیم حەسـەن،١١:٢٠١١)، یـەکێك لەخاڵـە گرنگـەکانی سـوودوەرگرتن لـەو ڕووە ئەرێنییەکـەی شۆڕشـی زانیارییـەکان، پەیوەنـدنی بەهۆشـیاری تاکـەوە هەیـە، تێگەیشـتنی تاکـەکان لەپرسـە جۆراوجۆرەکـان و شـوێن و ئاکاری گەشەی نەتەوەکانیتر، دەبێتە هۆی ئەوەی تاك بەخۆدا بچێتەوە و جارێکی تر خۆی پێناسە بکاتەوە، ئەم هۆشیارییە لایەنی کلتوری وکەلەپوور دەگرێتـەوە، بۆ خۆناسینی زیاتر و پێشبڕکێ لـەناو ململانێـی کلتورەکانـدا لـەماو جیهـانێکی فـراوان و دنیـای مرۆییـدا، پێویستمان بەگەڕانەوەیە بۆ ڕابـردوو دەرخستنی تایبەتمەندی و جیاوازی لەگـەڵ ئـەوانی تـردا، تا لەلایەك زمان و کەلـەپور و بژێنینەوە و لەلایـەکی دیکـەوە مـەیلی ڕۆژئـاوایی و سـەرسامی بەبێگانـە کاڵبکـەینـەوە، یـەکێك لەهەڕەشـەکانی ئـەم شـەپۆلی چوارەمـەی کـە جیهـانی گرتۆتەوە مەترسی لاوازبوونی زمانی نەتەوەیە، بەهۆی ئەوەی ڕۆژانە دەیان وشەی بێگانە دێنە ناو زمـانی دایکـەوە، نـاوی سـەرەکی داهێنراوەکان وەکو (ئینتـەرنێت و کۆمپیوتـەر و بەشـی بەرنامـەکانی... هتـد کەبـەزمانی وڵاتـر داهێنـەر بڵاودەبێتـەوە و ڕووخسـارێکی جیهـانی وەرگرتووە، ئـەم مەترسیە بۆ ئـەو نەتەوانـە نییـە کـە سـەربەخۆ نییـە قـەوارەی سیاسـی خۆیـان هەیـە و گەشـەبەزمانەکەیان دەدەن لـەڕێگای قوتابخانـە و و زانکـۆ و میدیاکانـەوە، ئێمـەی کورد بەتایبەتی نوسەر و ئەکادیمییەکان وەك ئەرکی نەتەوەیی پێویستە بەزمانێکی پوخت و ڕەسەن بنوسن و سوود لە فۆلکلۆر وەربگرن و بۆ پتەوی ڕایـەڵی زمانەکـەمان، دەبێت ئـەو ڕاستیە بڵێین، زمـانی فۆلکلۆر لەهـەموو کات و سـەردەمێکدا بـەکاردێت و ڕێگا لـەڕامان و وێناکردن ناگریت، لەڕێگەی ئەو زمانەوە باوەڕمان بـەتوانای دەربڕین و نوسین زیاتر دەبێت، هـەر لەوناوەڕۆکـەدا سێ کۆچکـەی لـە (ڕابـردوو، هـەنووك، ئاینـدە) خۆی دەردەخـات، ڕاسـتیە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

دوورەکان تاڕادەیەك نیشاندەدات (ئازاد ئەحمەد مەحمود، بونیاتنانی زمان لەشیعری هاوچەرخی کوردی (١٩٨٥-٢٠٠٥)،٢١).

زۆر لەشاعیر و ئەدەبیاتی جیهان باسیان لە فۆلکلۆر و ئەدەبی میللی کردووە، لەبەرئەوەی شەقڵی تایبەتی ئەوگەلایانە زمان و دەرەوەی خۆی پێوەبۆ نموونە : ماکسیم گۆرکی دەڵێت : ((بناغەی ئەدەب لەفۆلکلۆر واتە لەئەدەبی خەڵکدا فۆلکلۆر کەرەستەیەکی خاوی مەزن و کان و سەرچاوەیە بۆ هەموو شاعیران و نووسەران، گەر بەباشی لەڕابردوو بگەین، بەرهەمی ئەمڕۆمان زۆر ڕەنگین ئەبێت و ئەو زۆر بە وردی لەگرنگی فۆلکلۆر دەگەین (د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ ،١٩٨٩: ٩).

**بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی:**

لەسەردەمی یۆنانەوە، تاڕادەیەك ئەدەب پۆلێن کراوە و بەشەکانی جیاکراونەتەوە، میسۆلۆژیای یۆنان بەبناغەی هونەر و ئەدەب و ئەو نەتەوانە دادەنرێت، کە دواتر شانۆنامە و لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی ئەدەبی لەڕوانگەی فەلسەفە بۆتە بابەتێکی گرنگ کە هەتا ئەمڕۆ قسەیان لەبارەوە دەکرێت و دید و بۆچوونە فەلسەفیەکان (ئەفلاتوون و ئەرستۆ) بوونەتە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو کە بە زیندوویەتی ماوەتەوە، بەشەکانی فۆلکلۆر گەر نەڵێین هەموو لای زۆربەی میللەتانی جیهان بەمشێوەیە دابەشکراون کە ڕەچاوی زنجیرەی مێژووی کۆن و نوێ و کاریگەری لەسەر یەکتر ڕەچاوکراون.
بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر بریتیین لە (ئەفسانە، داستان، چیرۆك سەرگزوشتە، گۆرانی و پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و مەتڵ و ..زهتد

دیارە ئەم بەشە بەشیعر و پەخشان وتراون، بەو دیالێکت یان زارە وتراون، بەڵام لەمەبەست و پەیامدا لەهەموو ناوچەکانی کوردستاندا یەکن و پێشخانێکی کوردانەیان هەیە.دیارە ئەدەبی فۆلکلۆر بەچەند تایبەتمەندییەك لەئەدەبی میللی و ئەدەبی نووسراو جیادەکرینەوە کە بریتیین لە:

١- دیارنەبوونی خاوەنی بەرهەم، شەقڵی بەکۆمەڵ نووسین و بەرهەمهێنان بەو چەشنە ئەدەبیەوە کە دیاربیت، (د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ١٩٨٩: ٣).

خاڵێکی تر کە وەك توێژەر بۆی زیاد بکەین، ڕاستگۆییەو کەمتر خۆی لەزیادەڕۆیی و کەرەستەی ڕەوانبێژی دەدات و دژ بە پرۆسەی چەپاندن و خەفەکردنی دەنگی ناڕازی دەوەستیتەوە، پیویستە ئەماژە بەو نوسەر و شاعیرانە بدەین کە بەهەوڵی تاکەکەسیان بەشێکیان لەپەند و گاڵتەوگەپ و چیرۆکی فۆلکلۆری کۆکردووەتەوە و بەچاپیان گەیاندوە، وەك قسەی پیشینان و مەتەڵ **(ئیسماعیل حەقی شاوەیس ،١٩٣٨)** تەنانەت پیرەمێرد پەندەکانی بەشێوەی چوارینە داڕشتۆتەوە و لەهەر ژمارەیەکی (ژین)دا لەلاپەڕەی یەکەمدا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بڵاوکردوونەتـــەوە، بەمـــەش لەلایـــەك پەندەکـــەی زینـــدوو کردووەتـــەوە لەلایـــەکی تـــرەوە ٠ەرگێکی ڕازاوە و موزایکی بەبەردا کردووە.

فۆلکلۆری کوردی بەشێکی بۆ منداڵان تەرخان کردووە، لەناو ئەو سامانەدا هەوڵدراوە بابەتی منداڵان بەپێی ویست و ئارەزووی ئەوان بوترێت، کە دیارە گەورەکان هەستیان پێکردووە کە منداڵی ئەمڕۆ نەوەی دواڕۆژەو فاکتری گەشەی کۆمەڵ و نەتەوەن منداڵ کاتێ گوێ لەدایك و باوکی دەگرێت، چیرۆکی کۆنی پڕچێژو ئەزموونی بۆ دەگێڕێتەوە، خەیاڵی لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەڕوات و لەیادەوەریدا دەمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو چیرۆکانە، ڕیتم و ئاوازی جوان و سەرەنجراکێشان هەیە، دیارە لەناو ئەوبەرهەمانەدا، بابەتی نەشیاو و پڕ لەترس و سەرسوڕهێنەر هەیە کە منداڵ دەخاتە دۆخێکی خراپەوە، زۆر لەچیرۆکەکانی منداڵان لەلای نەتەوەکانی دیکە بوونیان هەیەو دەماودەم یان لەڕێگەی سەرچاوەی گوزارشتەوە وەك (عەزیزگەردی) دەڵێت: ((چیرۆکەکانی ئیزۆب بەرهەمی بیری هەموو مرۆڤایەتین لای هەموو نەتەوە و میللەتێك هەن هەموو بەشداری داهێنان و پەرەپیدانی ئەم حەقایەتانەیان کردووە)) (عەزیز گەردی، چیرۆکەکانی ئیزۆب، بەغدا،١٩٨٢)
دیارە ئەم چیرۆك و سەرگوزشتانە بەزمانی گیانەوەرانەوە، وتراون و مەبەست لێیان شاردنەوەی ئەو پەندو ئامۆژگارییانەیە کە لە واقیعدا بۆ مرۆڤ وتراون، بەڵام دەسەڵاتداران ڕێگەنادەن ڕاستەوخۆ باس بە جەوری دەسەڵاتیان بکرێت.

شیعر و گۆرانی و داستان و یاری منداڵان، لەناو هەموو نەتەوەکانی سەر زەویدا هەن، بەتایبەتی لەناو ئەو نەتەوانەدا کە تێکەڵاون، بەهۆی شەڕ و داگیرکاری و بازرگانی و گەشـــت و گـــەڕان و ســـەردانی زانایـــان بـــۆ دوورەو وڵات و تاراوگـــە، بـــەڵام ئـــەو دیـــاردە سەرەنجراکێشە لەناو ئەو بەرهەمە گوازراوانەدا، ئەوەیە کە هەر نەتەوەیەك بەپێی زمان و دیالێکتی ناوچەکەی و سەلیقە و ژیری، مۆرکی ئەو نەتەوەی بەبەردا کردووە و دەستکاری شێوە و ڕووخساری کردووە بەهەندێ باردا ناوەڕۆکەکەی گۆڕیوە بەڵام پەیامی سەرەکی وەك خۆی ماوە و هەموویان بۆیەك مەبەست ئاراستە کراون کە فراوانکردنی خەیاڵی منداڵ و ئامۆژگاریکردنیەتی .وەك ئاماژەی پێدرا، مەرج نییە هەموو ئەو بابەتە فۆلکلۆرییانەی بۆ منداڵ وتراون، چاك و سوودبەخش بن، لەناو ئەو چیرۆك و هەقایانەدا، دیمەنی توندوتیژی و دڵڕەقی و ستەمی مرۆڤ بەرامبەر مرۆڤێکی تر دەبینرێت . کە دەکرێت چەندین نموونە دەستنیشان بکەین.

((ئەوچیرۆکانەی کە دێوەزمە و جنۆکە و دێو دەوری تێدا دەبینن، ڕەنگە منداڵ بەترسنۆك ڕابهێنێت و تووشی گرێی دەروونی و سڵەمینەوە بکات)). (هادی نعمان ،١٩٧٧: ١٦٤).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

زۆر لەبۆچوونە باوەکان بەتایبەت لەکۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتدا، ئەوەبووە کە مێژوو لە فۆلکلۆر داببڕن و وەکو دووکایەی مەعریفی جیاواز سەیریان بکەن، زانستی نوێ ئەم پرسەی بەهەڵە زانیوە و پەیوەندی توندوتۆڵ لەنێوان مێژووی نەتەوە و کلتورەکەیدا هەیە، مێژوو دەتوانیت سوود لە فۆلکلۆر وەربگریت و بەدوای سەردەم وقۆناغی بابەتەکانی فۆلکلۆردا بگەڕێت بە تێڕوانینێکی زانیستیانە هەڵیان سەنگێنێت. ((پرسی جیاکردنەوەی کەلەپوور، لەمێژوو، کەلەپوور مێژوو بەکۆتایی ناهێنێت، بەڵکو بەردەوامی مێژوو لەهۆشیاری دەستەجەمعی هاوچەرخماندایە، یان بەروپێشمان دەبات یان بۆ دواوەمان دەگەڕێنێتەوە، یارمەتیدەرمان دەبێت لە ئاوێتە و هەمامەنگ بوونمان لەگەڵ ژیاری سەردەم یان گۆشەگیریمان دەکات دەبێتە ڕیگر لەتێکەڵبوون و بەشداریکردنمان لەم ژیاری سەردەمەدا (پ. ی. سەمیر ئیبراهیم حەسەن،٢٠١١:٣١٦) مێژوو کەلەپوری نەتەوە بەردەوامییە بە ژیان و ئاینده و نەتەوەی بێ مێژوو فۆلکلۆر و کەلەپور مەحکومە بە لەناوچوون، ئەو هێڵە زەمەنییەی ڕابردوو بەئێستاوە دەبەستێتەوە و یادەوەری لەچوارچێوەی گشتیدا دەپارێزێت، پیش مێژوو دەبێت فۆلکلۆر و کەلەپوور وەك دەوڵەمەندترین سەرچاوەی شوناسی دادەنرێت، دواتر مێژووی نەتەوە و هاوکاری دەبێت زیاتر شوناس پتەودەکات و دەیچەسپێنێت لەبەرئەوەی تاکەکان و گروپەکان بەردەوام بەهۆی بەش و توخمە کەلەپورییە جۆراوجۆرەکانەوە، شوناس بەدەست دەهێنن، چونکە ئەم بەش و توخمانە توانایەکی بەرچاویان بۆ دابینکردنی پێویستی مرۆڤەکان بەجیاوازبوون و ئاوێتە بوون لەخۆدا هەیە بەوتەیەکی دیکە کلتور هەم جیاوازی خوڵقێنە، هەم یەکگرتووکەرە . هەرکەسێك کاتێك کە ژیان بەشێوەیەکی تایبەت ڕێکدەخات، لەڕاستیدا خۆی دەخاتە چوارچێوەی دنیایەکەوە کە بەهۆی ئەوەوە سنورەکان و جیاوازییە کلتورییەکان لەدنیاکانی دیکەدا جیادەبنەوە .(ئەحمەد گوڵمحەمەد، ٢٠٠٧:٢٣٨).

نەك هەر شاعیرو نوسەرانی کورد، بەڵکو پسپۆڕانی بواری زمانەوانی، خۆماڵی و بێگانە لەسەر ئەوە کۆکن کە زمانی کوردی زمانێکی زیندووی دەوڵەمەندە، هەروەها لەڕیزبەندی خێزانە جیهانییەکاندا لەگروپی خێزانە ئەوروپییەکان لەچوارچێوەی دیالێکتی سەرەکی و چەندشێوەزار دروست دەبێت، زمانی دایك لە چوار سەرچاوە دروست دەبێت و گەشەدەکات کە ئەوانیش:

١. ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی.
٢. ئەدەبی میللی.
٣. ئەدەبی نووسراو (باڵا)
٤. ئەدەبی ڕۆژنامەنووسی کە لەنێوان ئەدەبی فۆلکلۆر و میللی نوسراودا پیکدێت و کەرەستەکانی ڕۆژنامەنووسی پی دادەڕێژرێت.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

((بازنەی فۆلکلۆر لەبازنەی ئەدەبی زارەکی فراوانترەو گشتی ترە، فۆلکلۆر جۆرێك سونەتە کە هەم ئەدەبێکی داهێنەر و هەم ڕەگەزی ناوەوەدا لەجۆری دابونەریت و شتی لەم چەشنەیە، نەك لەچەشنی ئەدەب . کەواتە باشترە بڵێین فۆلکلۆر دابەشکردنێکی لەم چەشنەی هەیە: ئەدەبی فۆلکلۆری، نەریتی فۆلکلۆری)). (کۆمەڵێك نووسەر،٢٠٢٠:١٦٦).

جارێکی دیکە دەڕێتەوە سەر باسی هەزارەی سێیەم و کاریگەری داهێنانەکانی لەسەر ((فۆلکلۆر و کلتور)) لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئەم گۆڕانکارییە مەزنەی هەموو سوچێکی جیهانی تەنییەوە.

زمانی کوردی بۆ ئەوەی زیاتر خۆی و تایبەتمەندی و ئەدەبیاتی بناسێنێ پێویستە زانایان و نووسەرانی ئەو ڕاستیە بزانن کە ((کلتور و زمان لەپەیوەندییەکی دانووسانئامێزی بەردەوام و گۆڕاندان، گەشەسەندنی هەر لایەنێك لەم پەیوەندییە بەواتای گەشەسەندنی ئەو کۆمەڵگایەی کە پێویستی هەمیشەیی بەم دوو دیاردە گرنگەی ژیانی مرۆڤ هەیە . وەکو هەرکۆمەڵگایەك کۆمەڵگای کوردیش پێویستی بەپێداچوونەوەی بەردەوام بەسەر کولتور و زمانی خۆیدا هەیە)) (عەبدالخالق یەعقوبی، ٢٠٠٨).

بەواتایەکی تر دەبێت لایەنی ئەرێنی فۆلکلۆر بەسیمایەکی شارستانی و نوێ نیشانبدرێت و بەجیهان و دەوروبەر بناسێندرێت.

کەلەپور و فۆلکلۆر کە ناسنامە و هەوێنی ناسیۆنالیزمن، نەك هەر ئامراز بەڵکو ئامانجی بەشداریکردن لە مۆدێلی نوێی جیهانیدا، ئەگەر بەپێی جۆرەکان ناسیۆنالیزم دابەشبکرێت وەك (سەمیر ئەمین) دابەشیکردوون کە بریتیین لە ناسیۆنالیزمی نەتەوەسازی، کە بنچینەی ئایدۆلۆژیکی نەتەوەمێژووییە مۆدێرنەکان دەژمێردرێت و زیاتر وڵاتانی سەربەخۆ دەگرێتەوە، هەروەها ناسیۆنالیزمی دژ ئیمپریالیزم و داگیرکەران کەلە بزوتنەوە شۆڕشگێڕەکانی نەتەوەکانی جیهانی سێیەمدا دەرکەوتووە، کە دەتوانین بەتوخمی بەرگری، ناڕەزایی، سەرکێش لەبەرامبەر ڕەوتی ئێستای جیهانیکردندا دەبەستنەوە، وەك جۆری سێیەمی ناسیۆنالیزم پێناسەیان دەکات و لای ئەو بیمەندە پرۆسەی بەجیهانی بوون وەك سیستەمێکی سەرمایەداری نایەکسانی و جیاوازی دروست دەکات و دژایەتی ئیتیکی دروست دەکات. (ئەحمەد گوڵمحەمەد ،٢٠٠٧:٢١٣) کەواتە میللەتی کورد وەك جۆری سێیەمی ناسیۆنالیزم، کە بەر شاڵاوی بەهێزی زمان و کولتوری نەتەوە سەردەستەکان کەوتووە و دەکەوێت، دەبێت زیاتر بایەخ بەکۆکردنەوەی نوسینەوەی فۆلکلۆر و زمان و ئەدەبیاتی بدات و شوناسی پتەو بکات، ئەمرۆ سەردەم و ڕۆژگارێکە کە خێرایی بڵاوکردنەوە هەنگاوە خاو و لەسەرخۆکان بەجێدەهێڵێت، کە زیاتر لەسەردەمانی زوو کاریگەرییەکە بەهێز، لاواز داگیردەکات و هەژموونی سیاسی و سەربازی و ڕووناکبیری



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

خۆی زاڵ دەکرد. هێشتا سامانێکی زۆر و زەبەند لەناو هزری نەتەوەکانی جیهانی سێیەمدا ماوەتەوە و ڕووناکی چاپ و بڵاوکردنەوەیان بەرنەکەوتووە کە کورد یەکێکە لەو نەتەوانە، ئەمڕۆ بەهۆی فراوانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و سۆشیال میدیاوە، هەر تاکێك بووەتە نووسەر و لەبری خۆ سەرقاڵکردن بە بابەتی بێ بایەخ و توانج و وتاری بێ سوودەوە، پەل بۆ کۆکردنەوەی بەشێك لەو سامانە بهاوێت و لەڕێگەی خۆیەوە لە فەوتان و لەناوچوون قوتاریان بکات، دواتر لەڕێگەی دەزگای تایبەتەوە کۆبکرێتەوە و کێوماڵ بکرێت و زیندو بکرێنەوە، دەتوانێت دەیان و سەدان وشەی ڕەسەن بۆ خەرمانی فەرهەنگی نەتەوەیی زیاد بکرێت، زمانی کوردی لەوشەی بێگانە و وەرگیراو پاك بکرێتەوە لەناو فۆلکلۆردا، بەهۆی مانەوەی بەپاکی و ڕەسەنی و زمان و شاکار و داستان و سەرگوزشتە پەند و مەتەڵ و قسەی نەستەق ...هتد سوودیان لێ وەربگیرێت و ڕایەڵەکانی پەیوەندی تاکەکان بەناوچەو دەڤەر و نیشتیمانەوە گرێ بدرێت. یان بەشێوەیەك ئەو کەسانە ببنە هەوێنی چەندین کورتە چیرۆك و ڕۆمانی نوێ وەك لای چەند نووسەرێك پەیڕەو کراون. ناو پاڵەوان و هێمای ململانێی کورت لەگەڵ داگیرکەران و ئەڤین و ڕێزگرتن لەژنان و گیانی هاوکاری و مرۆڤدۆستی و بایەخدان بەژینگە و پەیوەندی خۆشەویستی و ڕێز لەناو خێزانی کورددا، بخرێتەبەرچاو، تابتوانین ڕێگە لە هەژموونی شەپۆلی چوارەم بگرین کە هەوڵ دەدات لەنزیکەکانمانەوە دووربین و لەدوورەکانەوە نزیك بین.

ئەم ئازادی ڕادەربڕینەی کە تەکنەلۆژیای نوێ بۆ نەتەوە داخراوە نەریتییەکانی (تەقلیدی) فەراهەمکردووە، سوودی زۆری هەیە و دەرفەتی باشی لەبەردەمدا خولقاندووە، کە پێویستە دەستەبەری بکەین و هەنگاو بەرو کۆمەڵگای جیهانی بنێین.

**بەشی دووەم:**

**فۆلکلۆر و ڕۆژنامەنووسی:**

دیارە مەبەست ڕۆژنامەنووسی کوردییە کەیەکەم خۆناساندنی بە دوونیایی ڕووناکبیری لە (کوردستان ١٨٩٨/٤/٢٢) ەوە هەنگاو دەنێت و وەك بەڵگەی زیندووی ئەدەب و زمانی نەتەوە پەخش و بڵاودەبێتەوە، ئەم ڕۆژنامەیە و بەشێکی تر لەبڵاوکراوەکان لەتاراوگە دەردەچوون و ملیان بۆ سانسۆر و چەپۆکی قەدەغەکردن و خۆ سەپاندنی دوژمن نەدەوە، هەر ئەو شانازییەیە کە لە ڕۆژنامەنووسی نەتەوەکانی دەوروبەری جیادەکاتەوە.
لەژمارەکانی کوردستان بەهەردوو خولەکەیەوە یەکەم و سێیەم (١٨٩٨-١٩٠٢) (١٩١٧-١٩١٨) گوتار و چیرۆکی فۆلکلۆری بڵاونەکراوەتەوە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەو بارودۆخە سەختە دەگەڕێتەوە کە ڕۆژنامەکەی تێدابووە، زیاتر جەخت لەسەر وتاری سیاسی کراوەتەوە و پێداگری بووە لەسەر مافەکانی کورد و ناساندنی وەك نەتەوەیەکی بێبەش لەئازادی و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

ڕادەربڕین و زمان و ئەدەبی خۆی، هەروەها بۆ ئەو ڕۆژگارە بابەتی سەردەم و ئاڵوگۆڕە جیهانییەکان لەپێشەوەی ئەرك و ڕۆژنامەنووسی بوون، هاندانی نەوە تازە پێگەیشتووەکان بۆ خوێندن و فێربوونی پیشەو بایەخدان بە خود و ناسینی دۆست و دوژمن، ئەمانە هەموو لەگەڵ زۆر بابەتی تر وەك نامەی ڕاستەوخۆ و کراوە بۆ گەورەترین دەسەڵاتی عوسمانی (سوڵتان عەبدولحەمید) و داوای مافی نەتەوەیی موسڵمانی بێبەش لەهەموو چێژێکی ژیان و گوزەران، هەروەها پەنابردنە بەر زمانی تورکی وەك زمانی فەرمی دەسەڵات بۆ دەربڕینی خواستی نەتەوە، لەو ڕۆژگارەدا بەهاوسەنگی خۆی هەیە.

(کوردستان) لە (٣١) ژمارەی خولی یەکەمدا، بایەخی بە (مەموزینی) خانی داوە، هەر جارەی بەشێکی لێ بڵاوکردووەتەوە، هەروەها دیاریکردنی ساڵی کۆچی (حاجی قادری کۆی) ی و ناساندنی بەرهەمەکانی، مەبەست لەبایەخدانی سەرنووسەر و بەڕێوبەرانی ڕۆژنامەکە بەم دوو شاعیرە ناسراو و پێشەنگە دیارکردنی نەخشەو پلانی ڕزگاری و سەربەخۆی نەتەوە بووە و هاندان و هۆشیارکردنەوەی لەسەردەمی ڕابوون و نەتەوە ژێردەستەکان.

دەوڵەتی عوسمانی، سەرتای بایەخدانی بە چیرۆکی فۆلکلۆری لەڕۆژنامەنووسیدا، لە گۆڤاری (ڕۆژی کورد) ەوە دەست پێدەکات، (١٩١٣) و زمانحاڵی جڤاتی (هێڤی) ی قوتابیانی کورد لە ئەستەمبوڵ دەرچووە و چوار ژمارەی لێ بڵاوبۆتەوە.

(فوئاد تەمۆ* کە ڕووناکبیرێکی کوردە، لەژمارەی یەك و دووی گۆڤاری (ڕۆژی کورد) دا چیرۆکێکی بڵاوکردەوە، هەرچەندە ئەم چیرۆکە بە ناتەواوی ماوەتەوە و کۆتاییەکیە دیارنییە، بەڵام وەك سەرەتا و دەسپێکی چیرۆکی کوردی ئەژماردەکرێت، نووسەر سوودی لە دیمەنێکی لادێ و گوندی کوردستان وەرگرتووە و کردوویەتییە هەوێنی چیرۆکەکەی، ئەم کارەش تۆمارێکی شایستەی نەریت و ئاکاری گوندنشینانی دەگێڕێتەوە، ئەم قەڵەمە و سەرئامەد و پێشەنگی ئەو کەسانەیە کە کەرەستەی فۆلکلۆر دەکاتە بابەتی ڕۆژنامەنووسی و دەبێتە هاندەری نووسەرانی دوای خۆی کە لەم جۆرە کەسانە بکەونەوە، دیارە پێشتر (مەولوودنامەکەی شێخ حسێنی قازی) دەرکەوتووە، بەڵام جیاوازییەکی زۆری هەیە لەنێوانیاندا، مەولوودنامە بابەتێکی ئاینییە و سەدەی پێشوو بەدەستنووس ماوەتەوە و دواتر چاپکراوە، بەڵام (شەویش) ی (فوئادی تەمۆ) شێوازێکی سادە و ساکاری هەیە و کاریگەری لاسایکردنەوە و شەقڵی نووسەران، ئەگەرچی شارەزای هونەری چیرۆکنووسین بووە و بەوریاییەوە زانیوویەتی چیرۆك دەبێت لەبابەت و پاڵەوان و ڕووداودا بەشێوازی هونەری مامەڵەبکات، (فۆئادی تەمۆ) لە نەریتی بەشێك لە داستان و چیرۆکی ئەو قۆناغە ڕۆژهەڵات شارەزا بووە کە پاڵەوان کاری توندوتیژی کردووەو و هەموو



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ڕووداوەکانی لەخزمەتی گەورەیی ئەو دا کاریان کردووە، نوسەر گرنگی بە پاڵەوانێکی منداڵی ئاسایی داوە (شەویش) کە هاوکاری باوکی دەکات و شوانە:
((شەویش منداڵێکی دە ساڵێە، باوکی شوانە، هەموو ڕۆژێ باوکی دەچێتە بەر مەڕ و ئێوارە پێش ڕۆژئاوا دێتەوە، ئێوارەیەك باوکی دواکەوت (شەویش) بەدوایدا چوو، تا تاریك داهات چاوەڕێی کرد، کەوتە بانگ کردنی، باوکی دۆزییەوە، باوکی بۆیە دوا کەوتبوو چونکە پەزتێری نەخواردبوو، باوك و کوڕ گەڕانەوە دێ، چوونەوە ناو ماڵێکی چۆڵ و هۆڵ، بێکەس وکار، بێ خواردن و پێخەف، سەریان بەیەك کر و خەوتن ...هتد )). (عەزیزگەردی ،١٩٨٧:٦٣)
ئەو قۆناغبەندییەی نووسەر و لێکۆڵەران بۆ چیرۆکی کوردیان کردوە، شەش سەردەم جیادەکەنەوە و تایبەتمەندی و ناوی ئەو چیرۆکنووسانە دیاری دەکەن کە لەو قۆناغەدا ڕۆڵیان هەبووە، کە بەشێکی زۆری ئەو گەشەکردنە هۆکارەکەی ڕۆژنامەنووسی بووە، ((قۆناغی چەکەرەکردن، قۆناغی پەیدابوون و دەرکەوتن، قۆناغی پەرەسەندنی چیرۆکی کوردی (١٩٣٩-١٩٥٠)، قۆناغی گەشەکردن و چەسپاندنی چیرۆکی کوردی (١٩٥٠-١٩٦١)، قۆناغی نەهات (کزی و لاوازی)، قۆناغی تەقینەوە و تەکنیکی نوێ (١٩٧٠-بەدواوە). (عەزیزگەردی ،١٩٨٧:٥٤) ئەگەر بەوردی و شەقڵی لەم قۆناغانە ورد بینەوە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ڕۆژنامەنووسی چەند ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە بڵاوکردنەوەی چیرۆکی فۆلکلۆری و هونەری نوێدا، جارێکی تر ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵە دەردەخات کە لەنێوان ڕۆژنامەنووسی و ئەدەبدا هەبووە، تاڕادەیەك و تا ئەمڕۆش بە ڕادەیەکی کەمتر بەردەوامە، ((ڕۆژی کورد، ژیانەوە، ژیان، گەلاوێژ، ..هتد . ئەو ناوانەن کە چیرۆك و چیرۆکنووسانیان ناساندووە بەخت یاوەریان بووە کە ئەرکی چاپکردن و کێشەی سانسۆر و کزی بازاڕی کتێبی کوردیان لەکۆڵ بووەتەوە و ڕاستەوخۆ و لەژیانی خۆیاندا چاویان بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان ڕوونبۆتەوە.

تائێستا دوو بۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر گەشەی چیرۆکی هونەری کوردی، کە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم، ڕای یەکەم دەڵێت : ((ئەم جۆرە چیرۆکە بنەماکەی لە حیکایەت سەرگزوشتەی لە فۆلکلۆرەوە وەرگیراوە و فۆلکلۆر بناغەی چیرۆکی هونەرییە، ڕای دووەمیش پێی وایە چیرۆکی هونەری کوردی کاریگەری ڕۆژئاوای بەسەرەوەیە و لەڕێگای زمانی تورکی و عەرەبییەوە هاتۆتە ناو ئەدەبی کوردییەوە، تویژەر دوای هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی نموونەکان دەکرێت بڵێین لە سەرەتاوە واتە قۆناغی سەرهەڵدان و چوزەرەکردن، چیرۆکی هونەری سوودی زۆری لە فۆلکلۆر وەرگرتووە و دواتر تەکنیکی نوێی ڕۆژئاوایی بەکارهێناوە خەملیوە وەك ( شەویش) ی (فۆئادی تەمۆ) و چیرۆکەکانی (پیرەمێرد و عەلادین سەجادی). (حسێن عارف، ١٩٧٧)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ناکرێت نکوڵی لەوە بکەین کە کاریگەری قوتابخانە ئەدەبیەکانی ڕۆژئاوا و بایەخدان بەفۆلکلۆر و کۆکردنەوەی، کاریگەری لەسەر نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات هەبووە و بەردەوامە بەتایبەتی لەکۆتایی سەدەی پێشوو سەرەتای هەزارەی سێیەم و تا ئەمڕۆ.

ئەمرۆ بە هەموو جۆر و ژانرەکانیەوە، کەوتووەتە ژێر هەژموونی شۆرشی زانیاری تەکنەلۆژیای سەردەمەوە . ئەم گەشەخێراییەی تەکنەلۆژیا بەخۆیەوە بینی سنوری هزر و پێشبینی زانایانی بڕیوە، ئینتەرنێت بەگرنگترین دەستکەوتی تەکنەلۆژیا دادەنرێت، مرۆڤ لەرێگای ئەم داهێنانەوە دەتوانێت جیهان وەك وێنەیەکی ئەلیکترۆنی ببینێت دەرگای زانیاری و هەواڵ والابکات، کات و شوێنی کورتکردەوە بەشێوەیەك کاریگەری بەسەر هەموو تاکێکی سەر ئەم زەوییەوە هەیە.

پرسیارەکە لێرەدایە، ئەدەب بەهەموو جۆرەکانییەوە چ پانتاییەکی لەشۆڕشی زانیاری و پەیوەندی نوێدا گرتووە؟

هەموو نەتەوەیەك شانازی بە فۆلکلۆر و ئەو سەرمایە کۆکراوە و کۆنەکراوەوە دەکات، کە وەك ئەوەی بەرهەمێکی خوڵقێنەرەو پشتاوپشت گوازراوەتەوە.

(د.جیهان ئەحمەد ڕشتی) لەمبارەیەوە دەڵێت : ((دەتوانین بڵێین کە کۆمەڵگای پێش فێربوون (نووسین)، بەهۆی لەبەرکردنەوە کلتوری لەنەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر دەگواستەوە، بەڵام ئەم شێوازی پاراستن و کۆکردنەوەی زانیاری و ئەزموونە، بەهۆی پیتی نووسینەوە تۆماردەکرا، بەمەش چاو شوینی گوێی گرتەوە، لەبەر ئەوەی چاو بووە ئەندامێکی لەشی گرنگ کە بەهۆیەوە تاك دەتوانێت زانیاری وەربگرێت لەرێگەی خوێندەوە )). (د.جیهان ئەحمەد ڕشتی ،١٩٧٨: ٣٧٤) کاتێ دەگەڕێینەوە بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی پیشین، ناوی (پیرەمێرد) وەك خەمخۆرێکی زیندووکردنەوەی پەند و چیرۆکی فۆلکلۆر، دەردەکەوێت، کە تا دوا هەناسەی لە حوزەیرانی (١٩٥٠)دا، بە بەردەوامی لە لاپەرەی یەکەمی ڕۆژنامەی (ژین) دا، هەفتانە پەندەکوردییەکانی بە چوارینەی جوان و سادە و وشەی ڕەسەن و پەتی کوردی دادەڕشتەوە و بڵاویدەکردنەوە، ئەمە جگە لەچیرۆکەکانی کە سەرجەم پاڵەوانەکانی کە کارەکتەری کورد و بەسەرهاتی پێشینان پێکدەهێنا و مەبەستی بوو ئەو مێژووە دێرینە زیندوو ڕابگرێت.

پەند و چیرۆك و شانۆگەرییەکانی پیرەمێرد کە سەرچاوەیان فۆلکلۆری ڕەسەنی کوردییە، هەوڵی ئەو عەقڵە گەورەیە یەکە پلانی بۆ پرۆژەیەکی گەورە داڕشتبوو، ژیان و قەڵەمی بۆ خستبووە کار، ڕابردوو ڕۆژگارەکەی و ئایندەی کردوبووە ئامانج، بڕوای وابوو



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەوەی ڕابردووی نەبێت، ئایندەی نارۆشنە و مەحکومە بە دووبارەبوونەوەی ئەزموونی تاڵ و سەرگەردانی.

فیکری پیرەمێرد ئاشکراو ڕوونە، هەوڵی یەکرێزی و دژە ناکۆکی و نەخوێندەواری و نەزانینە، عاشقی سەوداسەری کوردستان و میللەتی کوردە. هونەری بەبیرهێنانەوە، یادەوەری و گەڕانەوە بۆ عەقڵی دەستەجەومعی پێشین، کە سەرچاوەکەی فۆلکلۆرە، کە خەمی شاعیران و نووسەرانی کورد بووە، ((چیرۆکەکانی (پیرەمێرد) بەشێکن لە هەوڵی (پیرەمێرد) بۆ بەرهەمهێنانی فنتازیایەکی نەتەوەیی یەکگرتوو و دروستکردنی هەستێکی بەرفراوان بۆ سەروەری و خوڵقاندنی فەخرێکی تایبەت بە ڕابردوویەکی دێرینی پڕ لە قارەمانێتی)). (مەریوان وریا قانع ،٢٠٠٠:٨٢) لەناو پەند و لاوك و حەیران و بەیتەفۆلکلۆریەکاندا، نموونەی تێکستەکانی یەستای ئاڤێستان کە زۆر پێش شیعری عەرووز کەوتوون، و ڕیشەیان لەم کوردستانەدا هەبوو، ئەم تێکستانە زۆربەیان حەماسی و میللین و بەسەرهاتی ڕووداو و ئەزموون و قارەمانێتی کوردن، (محمد حەمە باقی،٢٠٠٢:١٦٩) بایەخدان بە پەندی پیشینان بۆ ئەوەیەکە کە (بەشێکی گرنگ و زیندووی ئەدەبیاتی فۆلکلۆرە بێبەش نییە لە بۆچوونی ئەفسانەیی (د.عیزەدین دەڵێت : ((پەندی پێشینان بریتییە لە بەرهەمێکی زۆر کۆنی خەڵك ئەم پەندە هەمیشە لای گەلانی سەرەتایی و سادە فەلسەفەی ڕاستەقینە ئاکاری ڕەوشت و خووە، هەموو ڕاستییەك، هەموو ڕووداوێکی ژیانی ئادەمیزاد، هەموو کردارێك، چاك یان خراپ، هەموو گەیشتنە ئامانجێك کە میللەت پێی گەیشتبێت، دەربارەی هەرچیەك بێت دەچێتە خانەی پەندی پێشینانەوە)) (د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ١٩٨٩:٧٨) (گۆڤاری زاری کرمانجی) لەڕێگای (٢٤) ژمارەوە کە لە شارۆچکەی ڕەواندز بەهیمەتی (حسێن حوزنی موکریانی) چاپ و بلاوکرایەوە، ئەم گۆڤارە بایەخی داوە بە بلاوکردنەوەی چیرۆك و مێژووی دێرینی کورد، چیرۆکەکان زیاتر مۆرکی خۆماڵی نەتەوەییان پێوە دیارە کە ڕەگەزیان دەچێتەوە ناو فۆلکلۆر، خاوەنی گۆڤارەکە خۆی بە بەرپرسیار زانیوە بەرامبەر دۆزی ڕەوای نەتەوەکەی و هەوڵی داوە بەهەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردی بابەت بلاوبکاتەوە ٠کرمانجی ناوەڕاست، کرمانجی ژووروو، گۆران (هەورامی) کە وەك ئاراستەیەك بۆ یەکخستنی زمانی کوردی نزیککردنەوەی دیالێکتەکان و ئاشنای خوێنەواری کوردی بە بەرهەمی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، ((گۆڤاری زاری کرمانجی زمانی خەڵك بوە داواکانی کۆمەڵگەی کوردەواری لەچاککردنی باری ئابوری و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری و بەکارهێنانی زمانی کوردی لەناوچەی کوردستاندا، بگرە هەتا ڕامیاری بوێرانە خستۆتەڕوو، بۆیە بەدەسەلاتی چوارەم دراوەتە قەڵەم. ئەم هەڵوێستە مەردانەی زاری کرمانجی بەرامەر بە کێشەی نەتەوەیی کورد وای لەمیری عێراق کردووە کە لە (١٩٢٩/١/٢٨) دا نوسراوی ژمارە (١٠٧) ی ئاراستە بکات و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

ئاگاری ئەوەی بکاتەوە کە لە ژمارە (١٦) دا بابەتێکی سیاسی بڵاوکردۆتەوە و ئەمەش لەگەڵ ڕەوتی گۆڤارەکەیدا ناگونجێت)). (د.کوردستان موکریانی ،٢٠٠٢:٥) بۆنموونە چەندین لاپەڕەی بۆ ئەدەبی فۆلکلۆری تەرخانکردووە، ((گۆڤاری گەلاوێژ وەك بەشداریکردنی ئەو هەوڵانەی لەپێناوی کۆکردنەوەی ئەدەبی فۆلکلۆریدا دراون، توانیویەتی مشتێك لە خەروارێك بیرو فەلسەفەی دێرینی نەتەوەییتێهەڵکێشی لاپەڕەکانی بکات. چیرۆك، پەندی پێشینان وشەی نەستەق) ی کوردی ڕەسەن، بەهەر بێچووە زار و دیالێکتێکی زمانێك وترابن. یەکێك لەو بابەتانە نەبوون کە گۆڤارەکە بە کوڵ و دڵ هەوڵی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی داون ڕێز و تێڕوانینی پیرۆزی (گەلاوێژ) بۆ پەندی پێشینان لەو بانگەوازەدا، دەردەکەوێت لەپێناوی پاراستنی ئەو سامانەدا بەگوێی خوێنەرانی کوردیدا داوە، دەنوسێت: ((هەموو کەس ئەیزانێت کیمیا و جەوهەری زمان پەندی پێشینانییەتی، ئیجگارخزمەتکردن و زیندووکردنەوەی ئەو بەندانە بۆ زمانێك کە کۆڵەوار بووبێت، لەهەموو شت پێویسترە، جا بەو بۆنەیەوە تکا دەکەین هەرکەس هەر بەندێك دەزانێت بەهەر شێوەیەکی کوردی بێت بەبێ ئەوەی تێکی بدات بینێرێت بۆ گەلاوێژ)). (گەلاوێژ، ژ(٤-٥)،١٩٤٤:٤٨).

هەروەها بڕوانە (محەمەد دلێر ئەمین محەمەد) ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، نامەی ماستەری زانکۆی سەلاحەدین. ئابی (١٩٨٩ز).

سەرجەم ئەو پەند و قسە ڕەسەنە کوردییانەی گۆڤارەکە، خۆیان لە (چوارسەد دەدەن کە لەژێر ناوی پێشینان وتوویانە، یان کورد دەڵێت...) (بڕوانە سەد و شازدە ژمارەی گۆڤاری گەلاوێژ ،لە (١٩٣٩-١٩٤٩).

سەرنووسەر و خاوەنی (گەلاوێژ) بەژێرییەوە پەندەکانیان بڵاوکردووەتەوە و لەڕووی ناوەڕۆکەوە هەڵیان بژاردوون، زانیویانە چی لەگەڵ سەردەم و قۆناغەکەدا دەگونجێت و کاریگەری لەسەر خوێنەر و کۆمەڵگا هەیە . بۆنموونە بالەم چەند پەند بڕوانین:

نوێژکەری نووڕینی، ئیشکەری شیرینی.

ڕاستبە، لەڕێی شێران بڕۆ.

تەمەڵ ئەڵێ هەمووی ئەخۆم، دوای ئەڵێ چیم کرد بەخۆم.

چاوێك دوژمنی خۆی پێنەناسرێ، بۆ کوێربوون چاکە.

پیاوی چروك پاسەوانی پارەکەیەتی. (بڕوانە گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:(٤،٦،٩تا ١٢).

لەناو هەریەك لەو پەندانەدا، پەیامێکی ئاینی، سیاسی، ڕەوشتی جوان و هاندانی کارو چالاکی دەبینین، کە تاکی کورد دەبێت لەگەڵ خۆی و دەوروبەریدا ڕاستگۆبێت و دوژمنی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

خۆی باش بناسێت، دەوڵەمەند پێویستە دەست واڵابێت و هاوکاری هەژاری نەتەوەکەی بکات، نەك هەر لەخەمی پارە کۆکردنەوە و گردکردنەوەی سامان بێت بەریگای نایاسایی ((لەباسی قسەی نەستەقدا دەبێت وتە بەنرخ و پڕ مەغزاکانی، ئوستاد (بەشیر موشیر)ی خەیات بەسەربکەینەوە وەك (سەرە مەقەست، جارجارە، لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی ژین و گۆڤاری گەلاوێژ، ڕازاندۆتەوە) بۆنموونە ئەم قسە خۆشەی حیکمەتەکەی دەهێننەوە کە دەڵێت : (فەیلەسوفێك لە ئەسراری ژنی پرسی، وڵامی دایەوە، کە ژن بەرامبەر بە پیاو لەشەڕدایە تا ئەبەد بەبێ هودنە) (محەمەد دلێر ئەمین ،گەلاوێژ، ژ: ٣، ١٩٤٩) مەتەڵ وەك پ. د. عیزەدین دەڵێت: ((بەشێکە لە ئەدەبی فۆلکلۆری گەلان، واتە بەشێکە لەو ئەدەبەی نەنووسراوتەوە، دەماودەم لەناو خەڵکدا پشتاوپشت ئەمێنێتەوە و بڵاوئەبێتەوە، مەتەڵ لەڕیزی فۆلکلۆر و بەرهەمی زاری یادەمی خەڵکدا سنوور بۆ دانانێکی کورت ڕووداوێك یا کەرەستە یاخود دەماو دەم یەکە بەڵام بەپێچەوانەی قسەی نەستەق خەڵکی ئەم سنوور بۆ دانانە بە ئەنقەست لەشێوە نادیار (تەماویدا) دەرئەخەن و ڕاستی وتنی قسەکە ئەخەنە شێوەیەکەوە کە خەڵکی تر بیلێت با هەڵبێنن. وەك ئەڵێن (هەر ئەڕۆیت و نایگەیتی، کە سێبەرە، یاخود بایی پوولێکە پڕ لەژوورێکە کە مۆم یا چرایە)). (د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ١٩٧٩: ٢١٠)

مەتەڵەکانی ناو لاپەڕەکانی (گەلاوێژ) لەمەتەڵی فۆلکلۆری سەرزارەکی و نووسراوەکانی ئەو سەردەمە جیاوازن، لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی هۆنراوە دانەڕێژراون. دەتوانین بڵێین مەتەڵە بڵاوکراوەکانی ناو گۆڤارەکە بەسەر سێ چەشندا دابەش بکەین، بەشێکیان پرسیاری ژمارەی پیت بۆ خوێندەوار دەست دەدەن، بەشەکەی تریان بیرکردنەوەیان دەوێت بۆ خوێندەوار و نەخوێندەوار دەشێت، هەندێکی تریان ناوی گەورە پیاوان و شار و ناوچەی کوردستانن بەهۆی ژمارە و لەیەکدانی تیپەکانیانەوە دەدۆزرێنەوە و ناساندن و بەیادهێنانەوەی کەسایەتی و ناوچەکانی کوردستان.

دەتوانین بڵێین (گەلاوێژ) توانی مەتەڵی کوردی بەرەوپێش ببات و جۆری نوێ و زانستیانە بهێنێتەکایەوە کە لەوە پێش لەناو ڕۆژنامە و گۆڤارەکوردییەکاندا بەرچاوناکەون، یان زۆر دەگمەنن. (محەمەد دلێر ئەمین، ١٩٨٩: ١٨٤).

ئەو بڵاوکراوانەی لەماوەی دیاریکراوی ئەم توێژینەوەدا، تەماشاکراون و بەسەرکراونەتەوە، زۆر کەم وتاری ئەدەبی فۆلکلۆری لەخۆدەگرن، ئەو وتارانەی تایبەتن بە بواری فۆلکلۆر و بایەخ بەلایەنە فۆلکلۆرییەکانی کۆمەڵگەی کوردی دەدەن، ((لەگەڵ ئەوەی کورد خاوەن گەنجینەیەکی دەوڵەمەندە لەبواری فۆلکلۆردا، کەچی وتاری ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی لەئاست ئەو گەنجینە دەوڵەمەندەدا نییە، تا دێش ڕەوا چ بایەخی ئەم



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

جۆرە وتارە لەنێو بزاڤی نووسین و ئەدەبیات و تەنانەت میدیای کوردیشدا ڕوو لەکزبوون دایە))، (سالار عوسمان ،٢٠٠٩:١٠٧).

دیارە ئەم ڕایەی نووسەر بەو شێوەیە نییە و لەئێستادا لەناو کەناڵەکاندا بەرنامەی تایبەت بە فۆلکلۆر هەیە بەتایبەت گۆرانی ڕەسەنی کوردی و نمایشی جل وبەرگی کوردی، بەڵام ئاشکرایە کەناڵی بینراو بیستراو درەنگ هاتۆتە کوردستان و پەخش کراون، بەڵام مێژووی ڕۆژنامەگەری کۆنترە.

ئەفسانە یان (میثۆلۆژیا) زانستێکی تایبەتە، بە خەیاڵی گەردوونێك دروست دەکات و بەشێوەیەکی سادە و ساکار دیاردە سروشتییەکان لێك دەداتەوە، یۆنانی کۆن، بناغەی هونەری ئەفسانەیە و هەر لەئەفسانەوە هونەرەکانی شیعر وەرگیراون و شێکارییان بۆ کراوە، لە ئەفسانەی یۆنانی کۆندا هەر دیاردەیەك هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ خواوەندێك وەك (خوای جوانی، خوای شیعر، باران و هونەر ...هتد، دیارە ئەو قۆناغەی مێژووی مرۆڤایەتی پێش هاتنی ئاینییەکانە کە هێشتا سەردەمی یەکتاپەرستی نەهاتووە، ترسی مرۆڤ لەئایندە وای کردووە پەنا بۆ زۆر شت بەرێت کە نەیتوانییوە بەسەریاندا زاڵ بێت . ئەفسانەی یۆنان دواتر کە بەشێکی کۆکراوەتەوە و کاریگەری بەسەر ئەفسانەی نەتەوەکانی تردا پەیداکردوە بەتایبەت ڕەمز و هێماکانیان چۆتە ناو شیعر و پەخشان و چیرۆکەوە ) وەك پرۆمیسۆس، زیۆس، ڤینۆس ...هتد ). ئەم جۆرە وێنەیەی ئەفسانەی کۆنی یۆنان لەئەفسانەی کوردیشدا زۆر بەدی دەکرێت، زۆرجاردەبینین ئەفسانە کەلە ئادەمیزادە ئەکەونە دوای دێو و درنجەوە هەر ئادەمیزاد و پیاوچاك ڕزگار ئەکەن.

ئەفسانەی کوردی وێنەی کێشەی نێوان دێو درنج و ئادەمیزاد ئەکات بە نیشانەی ئەو کێشەیەی لە زۆرکۆنەوە لە کۆمەڵێ ئادەمیزاد لەنێوان هێزی چاکە و خراپەدا . (د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ١٩٧٩:١٨) ئەفسانە کوردییەکان زۆرتر بەشێوەی کتێب کۆکراونەتەوە و بایەخیان پێ دراوە کەمتر لەناو لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا دەیان بینین، ئەم کەم گرنگیپێدانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەفسانەی کوردی و بێگانەکان درێژن بۆ ڕۆژنامە دەست نادەن هەروەها بابەتی خەیاڵ و دوورکەوتنەوەی لەواقیع، ڕۆژنامەنووس و شاعیران، هەوڵیانداوە ئەو بابەتانەی بڵاوی دەکەنەوە زیاتر لەواقیعی تاڵی ڕۆژگارەکەوە نزیك بێت و جۆرێك لەهۆشیاری بڵاوبکاتەوە لەناو میللەتی کورددا کەتا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ڕێژەی نەخوێندەواری زۆر بووە و دەستەبژێر و دەرچووی قوتابخانەی کەمینەبوون، ڕۆژنامەنووسیی زیاتر ڕووی لەچیرۆك کردووە و بایەخی پێداوە، وەك دەبینین و ئاماژەمان پێدا چیرۆکی (شەویش)ی فوئادی تەمۆ، هەروەها لە (خەوما) ی جەمیل سائیب کە لەڕۆژنامەی (ژیانەوە) دا بەزنجیرە بڵاوکراوەتەوە، پەیامێکی سیاسی و دژە دەسەڵاتی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لەخۆگرتووە و زۆر نزیکە لەسەردەمی ژیانی نووسەر و ناوچەکەوە، (عەلادین سەجادی) کە دەستی بە کەرەستەی ئەدەبی کرد بەو وتار و چیرۆك و قەڵەمی خستەکار و توانای خۆی تاقیکردەوە، بەتایبەتی ئەوکاتەی وەك بەڕێوبەر گۆڤاری گەلاوێژ بوو، دواتر کەوتۆتە کۆکردنەوەی بەسەرهات و ڕووداوی بابەتی گاڵتەوگەپ و ئامۆژگاری و لە (ڕشتەی مرواری) دا بە هەشت بەرگ بلاوکراونەتەوە . (سەجادی و پیرەمێرد) کارەکتەر و دیمەنی چیرۆکەکانیان کوردانەیە و کەرەستەی فۆلکلۆریان تێکەڵ کردووە، تەنانەت ناونیشانی چیرۆکەکان، بۆ نموونە : چیرۆکی (شاییەکی ڕەشەی خەجەلاو) کە لایەنێکی تری ڕەوشتی سیستمی دەرەبەگایەتی دەخاتەڕوو تەنانەت لەناو چیرۆکەکاندا پەند و قسەی نەستەقی کوردی ڕەسەن بەکارهاتون، کە ئەمەش جارێکی تر بایەخدانە بە فۆلکلۆر و تێهەڵکێشینە لەگەڵ هونەری پەخشاندا، یان (ڕۆنە زەنگی حەمە حەسەن) کە لایەنێکی تری ژیانی جوتیاری کوردی ئەو ڕۆژگارە وێنە دەگرێت و وەك بەشێك لە ڕابردوو قوتاردەکات، ئەمەش گرنگی خۆی هەیە لەڕووی کەلەپوورەوە. (سەجادی :گەلاوێژ، ژ:٧، ١٩٤٦)

(دەنگی گێتی تازە) کە گۆڤارێکی گشتی باڵوێزخانەی بەریتانیا لەبەغداد، لەسەروبەندی جەنگی دووەمی جیهانیا دەریکردوە، کە وەك ئامرازێکی ڕاگەیاندنی کوردی بوو بۆ کوردانی عێراق، تا ئینگلیز لەڕێگەی ئەم گۆڤارەوە سەرکەوتنەکانی خۆی نیشان بدات و کورد بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و دژ بەنازی و بیری بەلشەفیك بێت، ئەم گۆڤارە بەچەند خوول دەرچووە، هەر خولێك چەند بەرگێك دەگرێتە خۆی لە تشرینی ەکەمی ١٩٤٣ تا ئابی ١٩٤٧ ناو بەناو بلاوکراوەتەوە.

ئەم گۆڤارە وەك دەستەی نوسەرانی پلان و ئامانجی گۆڤارەکەیان دیاری کردووە، ئامانجی (دەنگی گێتی تازە بلاوکردنەوەی ئاگای ڕاستە لەبارەی هەموو کردار و قەومانێکی ئەم جەنگە گێتی گرتەوە، ئەم گۆوارە زانیاری بلاوئەکاتەوە، لەبارەی ئەو کۆششە جەنگییە مەزنە بێ مافەندانەوە کە نەتەوە دیموکراتەکان گەورانە کە نەتەوە دیموکراتەکان بۆی تێئەکۆشن کە وەکو ئازادی و بەختیاری و خوێندەواری مەردومە)). (دەنگی گێتی تازە، بنکەی ژین، ٥).

ئەمە بەئاشکرا ئامانجی گۆڤارەکەیە کە سیاسەتی ئینگلیز و هاوپەیمانەکانە دژ بە ئەڵمانیا و یەکێتی سۆڤیەت، هەروەها مژدەی ئەوە دەدات بە نەتەوەکانی تر کە دەیانەوێت دیموکراتی و ئازادی بۆ ئەو نەتەوانە بەدی بهێنن، کە لەگەڵ بەریتانیا هاوسۆزن، بەلام ڕاستیەکەی ئەم ئامانجە دوای برانەوەی شەڕ وەك قسەی ڕووت مایەوە و کاری پێ نەکرا، زیاتر مەبەستی ئینگلیز کارکردنە سەر خوێنەوارانی کورد و لەڕێگای ئەوانەوە کاربکاتە سەر سۆزی خەڵك، ئینگلیز دەیزانی، لەو کاتەدا بیری سۆشیالیزم لەناو خەڵکدا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بڵاوبۆتەوە و دژەبە سیاسەتی ئەوانە هەرچەندە سۆڤیەتی ئەو کاتە دژ بە نازییەکان بوون ئەوان ساڵی ٩٤٥ شاری (بەرلین) یان گرت و کۆتاییان بە جەنگ هێنا و سەرکەوتنیان بەسەر هیتلەر دا ڕاگەیاند، بەڵام ئینگلیز نەیدەویست ئەو پڕوپاگەندەی سۆڤیەت گەشبکات و کورد لایەنگیریان بگرێت، لەو سەردەمەدا باشترین کەناڵی ڕاگەیاندن ڕادیۆ و ڕۆژنامەنووسی بوو، سیاسیەتی بەریتانیا لەساڵانی (١٩١٨ تا دوای شەڕی جیهانی دووەم، سوودیان لە ڕۆژنامەنووسیی وەرگرتووە بۆ مەرامی سیاسی خۆیان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم گۆڤارە خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی کردووە و سەرنووسەر و وتارنووسەکانی کەسی شارەزابوون و پسپۆڕ بوون لەزمان و ئەدەبدا وەك (تۆفیق وەهبی) و شاعیر و نوسەرانی تر.

هەر ئەو گۆڤارە دەنووسێ (ئەم گۆوارە بەشی لەلاپەڕەکان تەرخان دەکات بۆ زانیاری دیرۆك و یاسا، وەك پەندی پێشینان، شیعر، ئەدەبیات، داستان، ستران، چیرۆك، گۆوارێکە کەڵکی بەرزکردنەوەی خوێندەواری هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا تێدەکۆشێت بۆ بەرزکردنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و شارستانیەتی، وە زانیاریش بڵاودەکاتەوە بۆ چاککردنی تەندروستی کشتوکاڵ و ئابوری و بازرگانی). (دەنگی گێتی تازە، بنکەی ژین، ٥)
ئەم گۆڤارە گرنگی زۆر بە زانستی کەلەپوور و قسەی پێشینیان داوە، لەسەرچاوە بێگانەکان سوودی وەرگرتووە، بۆ نموونە لە کتێبی (ئۆسکارمان) بەیتی (باپیر ئاغای مەنگوری) وەرگرتووە کە هۆنراوەی (ئەوڕەحمان بەکری مورکری) یە و بڵاوکردۆتەوە:

هەر هاوار و لێدانە

بێ سەردار و خێزانە

دەڵێی مەڕی بێ شوانە

پەخشی بوون لە زەویانە

دوولابی بەگ زادانە

سەرکردەی موکریانە ...هتد. (گۆڤاری دەنگی گێتی تازە، بەرگی پێنجەم، ژ:١١)

بایەخی پەندی پێشینان زۆر دیارە لەلاپەڕەی گۆڤارەکەدا، دەیان نموونە بەرچاو دەکەون کە ئەم کارە شیاوی سەرەنج دانە و خەمی نووسەرانی گۆڤارەکەیە بۆ پاراستنی ئەو سامانە زارەکییە، خوێنەوارانی گۆڤارەکە لەم لایەنەوە زۆر هاوکاری گۆڤارەکە بوون، ئەوەتا (خالید سەعید) لەسلێمانیەوە چەندین لەو پەندانەی بۆ ناردوون . (بڕوانە ژمارەکانی ئەو گۆڤارە) گۆڤارەکە هەوڵی داوە لەهەموو دیالێکتەکان پەندی پێشینان بڵاوبکاتەوە، ئەمەش کارێکی دروستە بۆ بایەخدان بەشێوەزار و دیالێکتەکوردییەکان لەناوچەجیاجیاکاندا، نەك تەنیا خۆی بەیەك ناوچە و دیالێکتەوە ببەستێتەوە، بۆ نموونە ئاماژە بەچەند پەندێك دەدەین:

١. سڵاو لەمەهایە، نە لە ڕەهایە.
٢. عەقڵی سووك و باری گران.
٣. بەهارا پاشین، بەهاران مروڤان.
بەهارا پێشین، بەهارا هەیوانان
٤. دیتن چاوان كارێزی دڵان.
٥. هەتا هەوراز نەكەوێتە بەر تۆ، قەدری بەر ژێری نەزانی. (دەنگی گێتی تازە، ١١:١٩٤٦).

زۆر لەو پەند و سەرگوزشتە و ڕووداوە كۆكانەی گۆڤارەكە بڵاویكردووەتەوە، كەم بیستراون و كەرەستەی زۆر نوێیان تیایە و نەك بۆ ئەو ساڵانە تا ئەمڕۆ كۆنەكراونەتەوە، هەم ساردی خوێندەوار و نووسەر و ئەكادیمیای ئێمە لەوەدایە كە بەوردی كێومالی لاپەڕەكانی ڕۆژنامە نووسی كوردی ناكەن و ئەو بابەتانە لە كتێبی سەربەخۆدا چاپ و بڵاوبكەنەوە، تا دواتر شیكردنەوەی بۆ بكەن و پشتی ئەو پەندانە و چیرۆك و هۆكاری گوزارشتكردنیان ڕوون بكەنەوە.

لەكۆتاییدا و دوای گەشتێكی خێراو گشتگیر بەناو چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێكی ئەو قۆناغەی توێژینەوەكە دەیخوازێ، زۆر كەرەستە و بابەتی گرنگ بەرچاو ئەكەون كە هێشتا قەڵەمی توێژەران قسەیان لەسەر نەكردوون، ڕەنگە لەكۆندا هۆكاریەكەی دەگمەنی ژمارەی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە بووبن كە لە ئەرشیفی تایبەتدا نەپارێزراون و پەرتەوازە بوون و میللەتی كورد بەهۆی بار و دۆخی سیاسیەوە گرنگی پێ نەدراوە و دوژمنان هەوڵی قەڵاچۆكردنی هەموو سەرچاوەیەكیان داوە ە باسی كەلەپوورو ڕابردووی نەتەوەكەی كردوە و بۆ ئەمەش پلانی تۆكمەیان داڕشتووەو هەوڵیان زۆر داوە كورد لەیادەوەری دابیرن.

بەڵام ئەمڕۆ خۆشبەختانە بەهیمەتی نووسەرانی چالاك و دڵسۆز، بەشێكی زۆر لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە كۆكراونەتەوە و بەتیراژی باش چاپ و بڵاوكراونەتەوە وەك (تێگەیشتنی ڕاستی، پێشكەوتن، ژیان، ژیانەوە، ژین، گەلاوێژ، دەنگی گێتی تازە، هیوا، نیشتیمان و كوردستانی ڕۆژهەڵات و گروگاڵی منالان و بڵێسەو نزار...هتد . (بڕوانە هەوڵەكانی بنكەی ژین، دەستگای ئاراس، بەڕێزان سدیق صالح، ڕەفیق صالح، عەبدوڵڵا زەنگەنە و كەسانی تر).

ئێستا كاتی ئەوەیە زانكۆكانی كوردستان و بەتایبەتی بەشەكوردییەكان، ئەم هەوڵانە بەرز ڕابگرن و توێژینەوەی ئەكادیمیان لەسەر بكەن و هەوڵبدرێت لەڕێگای وەرگێڕانەوە بۆ زمانەكانی تر، ڕابردوو و ئەزموونی نەوەكانی پێشوو كە ئەم زمان و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

ئەدەبەیان بۆ ئێمە پاراستووە، بە گەلانی تر بناسێنین و بەرامبەر شالاوی دژە ڕاگەیاندنی دوژمنان بوەستینەوە.

**ئەنجام:**

١. ڕۆژنامەنووسی کوردی هەر لەیەکەم سەرهەڵدانییەوە، هۆکاری گواستنەوەی زمانی زارەکی بووە بۆ زمانی نووسین، بەم کارەش ئەرشیفێکی دەولەمەندی زمانی بۆ پاراستووین و گەشەی پێداوە.

٢. لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ڕۆژگاردا ئەم بڵاوکراوانە زمانی کوردییان نوێ کردۆتەوە و دەیان و وشەی سەردەمییانەیان هێناوەتە لاپەڕەکانیانەوە، بەمەش زمانیان دەوڵەمەندکردووە.

٣. ڕۆژنامەنووسین کوردی هەوڵی داوە هەموو ژانرە ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بەکوردی بنووسرێن و زمانەکەمان لە لۆکاڵیەوە بەرو بەجیهانی بوون ببات و سەنگەری بەرەنگاری بووە دژە بە پڕوپاگەندەی دوژمنان.

٤. فۆلکلۆر و کەلەپوور بەهەموو بەشەکانیەوە، جێی بایەخی شاعیر و ئەدەیب و ڕۆژنامەنووسان بوون، و ئەو سامانە نەتەوەییەکە یان وەك ڕابردوویەکی پرشنگدار سەیرکردووە و هەوڵ زیندووکردنەوەیان داوە.

٥. هەروەك چۆن ڕۆژنامەنووسی خزمەتی بەزمان و ئەدەبی کردووە، هەروەها زمانی کوردیش خزمەتی بەڕۆژنامەنووسی کردووە، لەناو وتارەکاندا دەیان و سەدان پەند و ڕووداو و سەرگوزەشتە دەبینرێت، کە ڕۆژنامەنووسان سوودی زۆریان لەوشەی ڕەسەن و پاراوی کوردی بینیوە لەناو هزری پێشینان، پارێزراوبوون و دوژمن و ڕۆژگاری سەخت و دژوار پەی پێ نەبردوون.

٦. تا ئەمڕۆ هەوڵی زانستیانەی کەم و پچڕپچڕ بۆ کۆکردنەوەی ئەو فۆلکلۆر و کەرەستە دێرینانە دراون کەلە دوو توێی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکراونەتەوە، کەمتر سوودیان لێ وەرگیراوە بۆ نووسینی فرەهەنگێکی کوردی تۆکمە و گشتگیر بەهەموو دیالێکتەکانی زمانەکەمان.

٧. بابەت و کەرەسە فۆلکلۆرییەکان دیمەنی ژیانی خەڵکی بەش مەینەتی کورد دەخەنەڕوو، پانۆرامای ڕۆژنامەی سەخت و دژوار و بەگژداچوونەوەی زۆرداری و چەوساندنەوەیە، دەکرێت لەهەموو ڕوویەکی زانستییەوە (سیاسی، کۆمەڵناسی، دەروونناسی، زمانەوانی، ئەدەبی، ...هتد) سوودیان لێ وەربگیرێت و ببنە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بۆ نووسینەوەی ژیانی هەمەلایەنی تاکی کورد، دیارە بەبێ شارەزابوون

لەڕابردوو، ئایندەیەکی گەش و ڕووناك بەدی نایەت . مێژوو زنجیرەیەکی دانەبڕاوە و شوناسی نەتەوەیەك پێك دەهێنێت.

٨. لەئەمڕۆدا بەشێکی زۆری لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە بەشێوەیەکی مۆدێرن و شێوازی جوان، دووبارەچاپ و بڵاوکراونەتەوە، بەمەش هەوڵی توێژەران ئاسان بووە و پاساوی ئەوە نەماوەتەوە کە دەستناکەون و بەر دەست نین.

٩. بەشێکی زۆر لەو بابەتە فۆلکلۆریانەی لەناو ڕۆژنامەنووسی کوردیدا بڵاوکراونەتەوە لەناو ئەو کتێب و توێژینەوانەدان کە لە کتێبخانەی کوردیدا بەردەست نین، ئەمەش هاندەرە بۆ کۆکردنەوەیان و چاپکردنیان لەناو کتێبی سەربەخۆ.

١٠. دەکرێت سۆشیال میدیا و تەکنەلۆژیای نوێ هاندەری توێژەران بێت و بتوانن لەماڵپەڕی تایبەت بەفۆلکلۆری کوردی بەخش و بڵاویان بکەنەوە و شیکاریان بۆ بکەن و بەجیهانیان بناسێنن کوردانی نیشتیمان و تاراوە سوودمەند بن لەو گەنجینە ڕەسەن و دێرینە.

١١. ڕۆژنامەنووسی کوردی سۆز و هەژانی خودی شیعری کرد بە فیکر و بەراورد و وەرگێڕان سوود وەرگرتن لە ئەزموونی گەلانی ژێردەستە و پێشکەوتوو، بەمەش گوتاری مانەوەی کوردی سەلماندو دژ بەو قەڵەمە دژەکوردانە وەستایەوە کە پێیان وابوو زمانی کوردی جگە لەزمانی شیعر و لاواندنەوە هیچ هۆکارێکی تری دەربڕین و گوزارشت نییە.

## لیستی سەرچاوەکان:

**یەکەم: زمانی کوردی:**

**أ-کتێبە کوردییەکان:**


١. ئەحمەد گوڵمحەمەدی، بەجیهانیبوون، کلتوور، شوناس، و.عەبدوڵڵا بەهرامی، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٧.

٢. حسێن عارف، چیرۆکی هونەری کوردی (١٩٢٥-١٩٦٠)، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٧.

٣. پ.د.سەمیر ئیبراهیم حەسەن، کلتور و کۆمەڵگە، و. عەبدوڵڵا مەحمود زەنگەنە، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوك، ٢٠١١.

٤. عەزیز گەردی، چیرۆکەکانی ئیزۆب، بەغداد، ١٩٨٢.

٥. پ.د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، ١٩٧٩.

٦. د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ئەدەبیاتی نوێی کوردی، بەڕێوبەرایەتی چاپخانەکانی فێرکردنی باڵا، هەولێر،١٩٨٩.


**ب-نامەی ماستەر:**


١. محەمەد دلێر ئەمین محەمەد، ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لەگەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردی، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٩.

**ج: گۆڤار و ڕۆژنامە:**

١. مەریوان وریا قانع، گۆڤاری ڕەهەند، ژ: (٩-ژ٠)، ٢٠٠٠ .
٢. گۆڤاری گەلاوێژ، هەموو ژمارەکان، (١٩٣٩-١٩٤٩) .
٣. گۆڤاری ڕۆژی نوێ، ١:٥، ١٩٦٠ .
٤. ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ: ١٥١-١٧١، ١٩٧٣.
٥. گۆڤاری دەنگی گێتی تازە، هەموو ژمارەکانی لە (١٩٤٣-١٩٤٧) .
٦. گۆڤاری ڕۆژی کورد، ئامادەکردنی و لێکۆڵینەوەی، عەبدوڵڵا مەحمود زەنگەنە، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٥.

**دووەم : زمانی عەرەبی:**

١. د.جيهان احمد رشتى، الاسس العلمية لنظريات اللاعلام، ط٢، قاهرة، ١٩٧٨.
٢. د.عبدالطيف حمزة، الاعلام له تاريخ و مذاهبه، دارالفكر العربى، قاهرة، ١٩٦١.
٣. هادى نعمان الهتيى، ادب اللاطفال، فلسفة، فنونة، وسائطة، بغداد، ١٩٧٧.

## قيمة التراث الشعبي في الصحافة الكوردية

**الملخص:**

صحافة جزء مهم من التراث الوطني حيث تعنى بأحياء اللغة والآدب و التراث الوطني و تنميته . التراث كنز شفهي نملكه الشعوب، وقد حفظته و توارثته جيل بعد جيل. سعت الصحف و المجلات الكردية كثيرا لنشر جزء من هذا الارث في صفحاتها ، و بالتالي اسطاعوا تحويله من نموذج شفهي الى نموذج مكتوب و جمعه.لذللك لفت هذا الموضوع الانتياه وأصبح موضوعا مهما للبحث و التحليل ومعجم اللغة الكردية. يسعى هذا البحث الى تذكر الكتاب الذين اهتموا بموضوعات التراث و نشرها في الصحف و المجلات.

**الكلمات الدالة:** *قيمة الفلكلور، الصحافة الكردية، الامثلة، القصص.*

## The value of folklore in the kurdish press

**Abstract:**

The press is an important part of the national heritage as it is concerned with reviving and developing the language,literature owned by the peoples, which has been preserved and passed on, generation after generation. Kurdish newspapers and magazines sought a lot to publish part of this legacy in their pages, and accordingly they were able to convert it from an oral from to a written from and collect it. Therefore , this topic brought attention and became an important subject for research, analysis and the kurdish language dictionary .this research seeks to remember the writers who were interested in heritage topic and published them in newspapers and magazines.

**Keywords:** *Important of Folklore, Kurdish Ioumalism, Stories, Proverbs.*